کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-10-2007 19:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەوانەی چاویان بە شاشەی نەورۆز TVهەڵنایە!! سەهین نوعمان موفتی**



بەداخەوە چەند حاڵەتێکی نووسینی سەیر بەدی دەکرێت لە ماڵپەری کوردستان نێتی خۆشەویست کە ماوەیەکە لەسەر نەورۆز تی ڤی دەنووسرێت، هەندێك كەس كە هەر شتێك بن تەنها ڕۆژنامەنووس نین و لە پرەنسیپە ڕەوشتییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی نازانن بە ناوی خوازراو ناوو ناتۆرەی قۆرەوە بابەتی بێ ماناو بەتاڵ دەنووسن.

من دەڵێم ئەوانە دوژمنی زبانی کوردین و دوژمنی خەون و خولییای چەند ساڵەی هاوڵاتیانی کوردستانن، کە نەورۆز بەو پەری دلسۆزییەوە چالاکییە کانی حکومەت و خواستی خەڵك بۆ یەکتری ئەگوازێتەوە.

مەبەستی سەرەکی من لە نووسینی ئەم بابەتە روون کردنەوەیەکە بۆ خوێنەری خۆشەویست و لەهەمان کاتدا بۆلایەنی بەرپرسیش بۆ ئەوەی باش ئاگاداری باری تەلەفزیۆنەکەمان بن!!!!

بڵێین و نەڵێن نەورۆز تی ڤی تاکە تەلەفزیۆنی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەو حکومەتەی کە تاوەکو ئێستا بیری نەکردبۆوە تەلەفزیۆنێکی ئاسمانی تایبەت بەخودی خۆی هەبێت، لەبەر ململانێی ئەو حیزب و ئەو حیزب!!

لەخوا بەزیاد بێت لە کۆتایی سەدەی بیست و یەکدا ئەوەی وەبیر هاتەوە کە تەلەفزیۆنێك تەرخان بکات بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێ ئەو بۆشاییی و تێکنەگەیشتنەی لەلایەن هاوڵاتیان و خەڵکەوە بەرامبەر بە دەسەڵات هەیە لە ڕێگەی ئەم شاشەوە شتەکان بخرێتە ڕوو.

ئینجا زۆر گوتن بە قورئان خۆشە، هەرچی ڕاست دەبێتەوە بابەتێکی بێ ماناو لاواز لە دوودێردا کۆ دەکاتەوەو دەیخاتە سەر ڕوپەری ماڵپەرەکان، من ناڵێم با ڕەخنە نەبێت بەڵکو با هەبێت و شەفافییەت بابەتێکی سەرەکی و گرنگی دونیای ئەمڕۆی پێشکەوتووە، با ناوی خوازراویش بەکار نەیەت بەڵکو ئەو کەسەی کە بابەتێك دەنووسێ زۆر گرنگە بوێرانە بنووسێت و بێتە نێو مەیدانەکە یان کاتێك تواتج و ڕەخنە دەگرێت با لەهەمان کاتدا سەردانی تی ڤییەکەمان بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر پێشنیارێك و تێبینییەکی هەبیچت ئەگەر قبوڵ نەکرا ئەو کاتە با ڕەخنە بگرێت.

پاشان لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە خەڵکی بزانن کارمەندانی سەتەلایتی نەورۆز بە چ دڵسۆزییەك و بە چ شێوەیەك کار دەکەن باوەڕتان هەبێت هەر کارمەندێکی ئەم تەلەفزیۆنە دەبینییت زۆر لە خۆ بوردوانە و بەو پەڕی شانازیشەوە کار دەکات و لێرەدا مەبەستم زیاتر لایەنی پەیوەندیدارە بۆ ئەوەی ئێوەش باش ئاگاداری ئەم بارە بن، تەلەفزیۆنێکی سەتەلایت کە هیچ بەرنامەیەك و برگەو بابەتێك و لایەکانی ڕاگەیاندنی لە کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن کەمتر نییە بگرە لەو ماوەیەی کە دەستی بە پەخشی کردووە دەتوانم بڵێم شان بەشانی ئەوان کاری خۆی ئەنجام دەدات ئەوەش بە قودرەتی هەموو کارمەندە دلسۆزەکان، لەهەمان کاتدا بە مووچەیەکی زۆر کەم و باوەر بکەن تاوەکو ئێستاش لەوەتەی دەستی بە پەخش کردووە کارمەندێك چییە پاداشتێکی وەرنەگرتووە، ئەویش لەبەر خراپی باری ئابووری تەلەفزیۆنەکەمان، لێرەوە با هەموو خەڵك و هەموو لایەن و چین و توێژێك بزانن کە پێشینەی (بوودجە) مانگانەی ئێمە نابێتە نیوەی گۆڤارێکی هەفتانە هەیە کە بوودجەکەی لە مانگێکدا (50000000) پەنجا ملیۆن دینارە.

بەو هەموو چالاکییە جۆراو جۆرەی کە ئێستا دەیبینین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جا خوێنەری ئەزیزم بەهەوڵ و هیممەتی کارمەندە ماندوونەناسەکانی کە دووبارە دەڵێم زۆر لە خۆ بووردوانە و بەو پەڕی شانازییەوە بەردەوام دەبێت و وە دڵنیاش بن تەلەفزیۆنی نەورۆز تەلفزیۆنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو تەلفزیۆنی هەموو چین و توێژێکەو هەموو ڕەنگێك و هەموو ئایین و هەموو هونەرمەندێك و هەموو ئایدۆلۆژیایە ك و هەموو کورد زبانێکە.

دەبا ئێمەش بە هەموو لایەکەوە دەست لەناو دەست بکەین و خزمەتی ئەو شاشە جوانە بکەین کە نێوی رەسەنی کوردی پێوەیەو با لە سەرخستن و بەرەو پێشڤە چوونی بەشداربین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.